# پارتی هەدەپ لە تورکیا کورتکراوەی ناوەکی دەگۆڕێت

پارتی یەکسانی و دیموکراسیی گەلان-هەدەپی تورکیا لەسەر داوای دادگای باڵای تورکیا کورتکراوەی ناوەکی دەگۆڕێت.

عایشەگول دەغان، وتەبێژی هەدەپ، ئەمڕۆ هەینی، لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە بینای پەرلەمانی تورکیا ڕایگەیاند، بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان کە لە ئاداری 2024 دەکرێت مەترسی بۆ سەر پارتەکەیان دروست نەبێت، پابەند دەبن بە داواکاری دادگای باڵای تورکیا لەبارەی گۆڕینی کورتکراوەی ناوی پارتەکەمان، بەڵام ناوی پارتەکە ناگۆڕن.

ئەمڕۆ لێکاتێکدایە دادگای باڵای تورکیا ڕۆژی پێنجشەممە، 23ی تشرینی دووەمی 2023 لە نووسراوێکدا کە بە پارتی یەکسانی و دیموکراسیی گەلان-هەدەپ ڕاگەیاند کرد، ئاماژەی بۆدابوو کە ناوی HEDEP بەهۆی لێکچوونی لەگەڵ 'HADEP' ناتوانرێت بەکاربهێنرێت و داوای کردووە کە کورتکراوەی HEDEP بگۆڕدرێت.

دادگای باڵا ئاماژەی بۆدا کە هیچ کێشەیەک لە ناوی پارتی یەکسانی و دیموکراسی گەلاندا نییە،

بەڵام کورتکراوەی HEDEP هاوشێوەی هادێپ کە پێشتر داخراوە. لێو نامێدا کە بە حیزبەکەی ناردووە، ئاماژەی بۆ کردووە، کە ئێم لەکچوونە دژی یاسای حیزبە سیاسییەکانە، بۆیە پێویستە کورتکراوەی HEDEP بگۆڕدرێت.